# رۆشنبیری چییە؟ رۆشنبیر کێیە؟

ن: جەلال ئال ئەحمەد

و: مستەفا غەفور

رۆشنبـیـری چـەمکێکە نازانم کـەی، لە کـوێ و کێ لە جـێی (ئنتلکچـوال) داینـاوە، زاراوەیەکـە بـەڕاشکاوی رەوادیدی [1] هاتنی وەرگـرتووە، هەڵەیە بەڵام هەڵـەیەکی ناودار. نامـەوێ بـڵێم چونکە نـاونـانـەکـە هەڵـەیـە هـەڵـەمـان هـەبووە یا ئەو هـەڵـەو هەڵـەکـاریانە بـەدوای ئەودا هـاتوون یا ناوەکـە بێ جـێـیـەو پـاشکـۆکـەشی نـابەجـێ. ئـەوەی لەسـەرەتـاوە ئاشکراو روونـە رۆشنبـیـریان بەجـێ (ئنتلکچـوال) داوە بـەئێـمـە لەبـەرئەوەی وەرگێڕانی ووشـەکە وردو لەبار نییە، پێوەرێکی ئەوتۆش نییە پێی مـەزەندە بکرێ. بۆیە خـودی ئەو چـەمکە روون و ئاشکرا نیـیـە. جێی سـەرسوڕمان نییـە ئەوەی بەناویەوە دەکرێ روون و ئاشکرا نەبێت. بەم پێـیـە ئـەگـەر بمانەوێ بـاسـەکـەمـان روون بکـەینەوە

پێویستە هەمووممان لەسەر ناوو ناوەرۆکەکەی یەکبگرینەوە.

یا بزانین توخمی فەرهەنگی ئەم چەمکە لەکوێوە بەچ مانایەک هاتووە، زاراوەی ئنتلکچوال لە زمانی رۆژئاوادا لە ئنتلکچوالیس –ی لاتینیی وەرگیراوە کە (اسم مفعول)ە، پێکهاتووە لە ئنتلگر کە چاوگێکی لاتینییە بەمانای تێگەیشتن، دەرککردن، وریایی، کە دەبوو بەجێی ئنتلکچوال چەمکی فارسی هۆشمەند یا فەهمیدەمان دانابا، یا بەپێی چەمکی کۆمەڵایەتی ووشەکەو ئەو رێ بەدییەی تێیدایەتی لە رابەری و پێشەوایی کردن. هەرچەند ئەم دوو سێ ووشەیە لەرووی ماناوە لە ئەسڵەکە دوورن – دەبوو هەڵبژێراوە بلیمەت – یا پێشەنگمان بەکارهێنابا. (ئنتلیگنسیا)شمان هەیە کە لە زمانەکانی رۆژئاواوە خۆی خزاندۆتە نێو ئەدەبیاتی مارکستی رووس. ئەمەش بەو کۆمەڵە هۆشمەندو زیرەکانەی رووس دەگوترا کە پەروەردەی ئەوروپابوون و دەیانتوانی بەباشی رووداوە کۆمەڵایەتییەکان دەرک بکەن و خۆیان بەرابەرو پێشەنگی هەر رووداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەزانی. هەر بەم پێیە ووشەی رۆشنبیر دزەی کردە ناو زمانەکەمان. لەم نووسینەدا نە کێشەی ووشەسازیمان هەیە نە گەمە بەووشەکان دەکەین چونکە رۆشنبیری نە دزێوە نەچاوو گوێش ئازاردەدا. راشکاوانە جێگای خۆی کردۆتەوەو مۆڵەتی هاتنی وەرگرتووە. کەواتە با سنوری ماناو بوونی دەرەکی خۆی بۆ دیاری بکەین. مەبەست دۆزینەوەی سنوری زاراوەکەیە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە چۆنیەتی ناودێرکردنی. واتە دیاریکردنی رابردووی رۆشنبیری و پێشنیارکردنی داهاتووەکەی. کە لەکوێوە هاتووە بۆ هاتووە، گەیشتۆتە کوێ. دەچێتە کوێ و دەبێ بۆ کوێ بچێ؟ دیارە ئەگەر لە جێ ئنتلکچوال هۆشمەند، بلیمەت یا ووشەیەکی هاومانایی ئەومان بەکارهێنابا لەگەڵ ئەوەشدا مانایەکەی لەنگ دەبوو، کارەکەمانی ئاسانتر دەکرد. چونکە رێ بەدی کردن بە رابەری ئەم زاراوەیە هەم نادیار دەمایەوە هەم لەماناو ناوو ئەرکەکانی ناودێرەکەی

حـاڵی نەدەبووین. ئەوسـا هـەر کـرێکارێک، هـەر مـۆسـیـقـاژەنێک هـەر مـەلایەک. هـەر مـامۆسـتـایەک، هـەر دەلاڵێک، هـەر وەزیرێک دەیتـوانی هـۆشـمـەند، زیرەک، بلیـمـەت، هـەڵبـژێرێ، بێت یانە بێت، یا یەکێکیـان کـەمتر شـایستـەی ئەو ناوە بێت. ئێستا کـە زاراوەی رۆشنبیـرمـان هـەیە ئایا دەکرێ هیـچ وەزیرێک بـەرۆشـنبـیـر نـەزانین؟ یا هـەر بـەقـاڵ و وردەواڵە فـرۆشـێک بـەرۆشنبـیـر دابنێین؟ یا بـەڕاسـتـی رۆشنبـیـر لە بواری مـۆسـیـقـاو هونـەری نیگارکـێشـانیشـدا هـەیە؟ ئەی بـواری بیناسـازی و هونەرە بێ زمانەکان چییە؟ دەبینین رۆشنبیری تەنیا لەو بوارانەدا هەیە کە سەروکاریان لەگەڵ زمانەو لەسـەر تیۆرێکی تایبەت دەگوترێن و دەنووسرێن.

بەم پێـودانگە لام وایە لـە سـەرەتایی هـەنگاوەکـانمان دەگـەینە یەک دوو خـاڵ: رۆشنبـیـر لـەڕووی زمـانەوە ووشـەیەکی ئـاوێتـەیە وەک رووسـیی، دڵڕەش، واتە ئەو کـەسـەی رووی سـپییە، یان دڵی رەشە کەواتە رۆشـنبیر ئەو کەسـەیە بیری رووناکە، بێدیقـەتی لە وەرگێڕانی ئنتلکچوال بۆ رۆشنبیر لێرەدا دەردەکەوێ ئەوە چییە کە بیـری رووناکە؟ مـەگـەر رووناکی و رووناکـایی ئاوەڵی هـەر بیـرێک نین؟ بیر هـەر کـە وەدیهات و لە حەشارگەی مێشکی خاوەنەکەی بزووت روونی و رووناکی وەدی دێنێ.

لە بواری بیرو ئەندێشـەدا فـەزڵەدینی کـاشـانی لە کتێبی (شـەشـەم دەروازەی دەق – لە بـارەی زانسـت – زانین و زانراودا) وتـوویە: تـەنیـا بـەزانسـت رووناکی و بوون، بەلێزانی لە شتـە رووناک و دیارەکان، بەزانینـی بەڵگەو هۆکارەکانی رووناکی بوونی شتەکان دەدۆزینـەوە (ناگەینە رووناکی و بوونی شتەکان مەگەر لە هەموو لایەنەکانی بوونیـان بکۆڵینەوە). بەبێ توانسـت شـاراوەیی سـەرپۆشـی شـتـەکـان بـەنەزانروی دەمێننەوە. دیارو نادیاری شتـەکان لە دەروونی ئادەمـیزاد دایە. دیار زانراوە نادیار نەزانراوە.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە واچاکتر بـوو لەبری رۆشنبیـر زانا بەکاربێنین. بەڵام زانا

بەگشتی هەمەلایەنی شتەکان دەگرێتەوە کە هیچیان مەرجی تەواوی رۆشنبیریان تێدا نییە. ئەم خاڵە روونە کە رۆشنبیر کەسێکە خاوەن بیرو بۆچوون واتە بیرکردنەوە. کەواتە هەرکەس خاوەنی ئایدیاو بۆچوون بێت ئایا رۆشنبیرە؟ یا پێویستە دەرئەنجامی بیروبۆچوونەکەی بگەیەنێتە خەڵک؟

لێرەدایە ئەو رێ بەدییەی لە رۆشنبیری دایە بەواتای رابەرو پێشەنگ لە قەڵەم دەدرێت. لە زمانەکەی ئێمەدا بیرتەسک و ئازادبیریش بەکاردەبرێ یەکەمیان زاراوەیەکی خۆماڵییە دووەمیان لە Liber penseur بەو ناوەڕۆکەی لە بواری رۆشنبیریدا هەیە وەرگیراوە، تا پەیدابوونی چەمکی تازەو زیندووتر هەر بەرۆشنبیر بەسەندە دەکەین. خەمی بنەچەکەو رەگ و ریشاڵی دەخەینە ئەستۆی زمانەوانان.

هەر لەسەرەتای باسەکەمان دەیخەینەوە یاد کە رۆشنبیر لە بنەڕەتدا وەرگێڕاوی ئەو (منور الفکر)ەیە کە لەسەردەمی مەشروتییەت[٢] باوبوو. هەر ئەوکاتەی رۆڵەی دەوڵەمەندو پیاو ماقوڵانی ئەو سەردەمە لە ئەوروپا گەڕانەوەو یاسای بنەڕەتی بەلژیکیان کرد بەیاسای وولات. بەلاسایی و چاولێکەری خەڵکی کۆلان و بازاڕ بەم جۆرە کەسانەیان دەووت فەرهەنگ زادە، نوێخواز، نوێگەرا ئەوانیش ناویان لە خۆنابوو (منور الفکر) واتە رووناک بیرەکان. ئەوانە لەگەڵ ئەوەی فەزڵەدینی کاشانی ئاماژەی پێکردەوە زۆر لێکدوور نین. هەرچەندە ئەو فەرهەنگ زادانە گوێیان نەدەدایە ئەو زاراوانە. پێم وایە میرزا ئاغا خانی کرمان و بەڕێوەبەرانی (صوراسرافیل)[٣]و دامودەزگای خەڵکەکان ئەم زاراوەیان هێنایە سەرکاغەز. چونکە ئەوانە شتی تازەیان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی پێبوو پتر چاولێکەری رابەرانی سەدەی نۆزدەهەمی فەرانسە بوون. خۆیان پێ رۆشنبیرو سەدەی نۆزدەهەمیان بەسەدەی رۆشنبیری ناودەبرد. من لە کتێبی (غەرب زەردەگی)دا نیشانم داوە کە ئەوە یەکەم بەردی بناغە بوو بەخواروخێچی دانرا.. هەڵبژاردنی ئەو نازناوەی پێشەوایانی

دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک: یەکەمیان دنیای تاریکی سەدەکانی ناوەڕاستی سەنگبیری مەسیحییەت بەسەرچووبوو دووەمیان سەرەتاکانی زانست و هونەر دەستەبەرکرابوو دەیانویست بیکەنە بابەتی ئەنسکلۆپیدیا، یا لەبەرئەوەی قۆناغی (ڕێنسانس) نوێخوازیان بەجێ هێشتبوو ئەمەو دەیان تەعبیری تر. ئایا نوێخوازیان خستبۆ هونەر یا ئەنسکلۆپیدیایان ڕێنووس کردبۆوەوە؟ هۆی چی بوو پێشەوایانی ئایدۆلۆژی سەردەمی مەشروط بەچ مانایەک لەناو دێرییەکانیان لاسایی ئەوانیان دەکردەوە؟ ئەمە باسێکە لە جێگای خۆیدا لێیدەدوێم.

دوا بەدوای چەمکی منور الفکر. تنویر الافکار بوو بەسەر دێڕی چاپەمەنیەکان و بەرنامەی فەرهەنگی قۆناغی مەشروطە کە تا سەرەتاکانی دەهەی بیست ساڵەی خایاند. کاتێک پەروەردەکردنی ئایدیۆلۆژی خولی بیست ساڵە هاتە پێش زاراوەسازی کۆڕی زانیاری کاری کردە سەر ئەقڵی ئەم (منور الفکر)انەو منوەریان کرد بەرووناک و ئەلف و لامە عەرەبییەکەیان لێکردەوەو یەکسەر دوای ڕەزبەری ١٣٢٠ کۆچی وڵاتیان پڕکرد لە ڕۆشنبیر.

لەلایەکەوە بەناوی رووناک بووەکان لەلایەکی تریش بەناوی میراتگری بلیمەت و هۆشمەندان. خاڵێکی تر کە پێویست بوو هەر لەسەرەتاوە لەسەر ڕۆشنبیری روون بکرێتەوە لە دەقە فەرهەنگییەکەیدا ئازادانە بیرکردنەوە. ئەم ئازاد بیریە لەکاتی دەسەڵاتی مەسیحی کاتولیک زەبروزەنگی پایەکانی ڕۆمادا وەک لە ئەنکیزاسیوندا هاتووە کێشەیەکی زۆری بۆ گالیلەو پیاوانی وەک ئەونایەوە. کوشتاری ئالبی ژواکانی خوارووی فەرانسە لە سەدەی سێزدەهەمی زاینی. شەڕی سی ساڵەو سەدساڵەی نێوان قۆڵە جیاجیاکانی مەسیحیەت، ئەمانە هەموویان بوونە هۆی راپەڕینی لۆتەر کینگ لە ئەڵمان و نوێ ڕوانین لە بیرو بۆچوونەکان و قوتاربوون لە پاوانی دەسەڵاتی پاپ. کاریگەری ئەم ئازادبیرییە لەسەر ئەو ڕۆشنبیرانەی ئەوروپا

گەیشتە ئاستی هەڵگەڕانەوەو یاخی بوون. بەتایبەتی دوای ئەم وتەیەی مارکس کە دەڵێ: (دین ئەفیونی گەلانە) بوو بەدروشمی رۆشنبیری ئەوروپاو بوونە دژی پاپ و کلیساو مەسیحیەت. سەیر ئەوەیە رۆشنبیران ئێمە بێئەوەی ئاگایان لە پێشەکی و پاشەڵۆکی ئەم یاخیبوونە بێت بوون بەلاسایی کەرەوەی کتومتی رۆشنبیرانی ئەوروپا. ئەمەش خاڵێکە لە دواییدا بەدرێژی لێیدەدوێن.

ئێستا با بێینە سەر سنوور و مانای رۆشنبیر. کە دەڵێین رۆشنبیر، دەزانین هەر کەس تا ئەندازەیەک توانای بیرکردنەوەی هەیە، چ جوتیارێک لە ئاووئاودێری باخ و بێستانەکەی، یا نووسەرێک لەرووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە بەهێزەکانی سەرجەم کۆمەڵگە، ئایا دەتوانین بڵێین هەرکەس تروسکەیەکی رۆشنبیری تێدایە رۆشنبیرە؟ ئەگەر لادێیەک توانی باشتر لەوانی تر بەمڵک و ماڵی خۆی رابگا ئایا لەنێو لادێیەکاندا رۆشنبیرە؟ دەبینین بەم جۆرە نموونانە لە واتای رۆشنبیری دووردەکەوینەوە. بەڵام ئەم وەڵامە بەڵێ بێ یا نەخێر. پرسیارەکە خۆی خاڵێکی پشت بەستنە. پێشبینی توانای هەرکەسێک پەیوەستە بەسنووری دنیای بیرکردنەوەی ئەو کەسە. زۆر ئاسایی جیهانی بیری مرۆڤ ئەو کاتە دادەخرێت کە جیهانی دەرەوەی لێدابخرێت. واتە بەرفراوانی و قووڵ بیرکردنەوەی پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بەو ئەزموونانەی لە جیهانی دەرەوە وەدەست دێن. راستەوخۆ وەک پێشینان دەڵێن لەسەر ریواڵی ژیان، ناڕاستەوخۆ لە رێگەی کتێب، قوتابخانە، مامۆستا و تاقیگە. بەدەستەوە گرتبێ ریواڵی ژیان ئەوکاتە دەبێتە هۆکاری گۆران کە زەمینە سەرەکیەکانی کامڵ بوون لە قوتابخانە دەستەبەرکرابن، واتە ئەلف و بێی زانست و تاقیکردنەوەی لەبەر دەست دابێ. سروشتییە بگەینە ئەو هەستەی کە بنەمای رۆشنبیری چ لە هەندەران چ لەناوخۆ لەسەر قوتابخانە دادەمەزرێ. مانای قوتابخانە چییە؟ بچووکترین خانەیە لە بواری مێژووبوونی زانستدا. لەلاپەڕەکانی

دوایی لە قوتابخانە وەک ویست و لەدایکبوونی ڕۆشنبیری دەدوێین.

دوای ئەو پێشەکییە ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکەین کە ڕۆشنبیری (ڕووناک بینی)ش دەگرێتەوە نەک بەو مانایەی کە یەکێکە لە هەست و نەستەکانی ئادەمیزاد بەڵکو بەو مانایەی دەرگایەکی مێشک و بیرە. دەشێ بینایی فراوان یا بەرتەسک، ڕووناک یا تاریک بێت، یا مرۆڤ کوێر بێ و ڕۆشنبیر بێ، یا بەپێچەوانەوە. کەواتە مەبەست لە دیتن لە جیهانبینیدا تەنیا بینایی چاو نییە، دوور نییە هەر ئەوە بێ و پێشینان وتوویانە دڵی چاو. (واتە بەچاوی دڵ دەبینێ). دیتن لەم بوارە بەمانای بەرفراوانتر، خاوەنیەتی دیدو بۆچوون لە جیهان. هەرچەندە دیتن بەشێوە سادەکەشی لەسەر ڕۆشنبیری کاریگەرە – چونکە دیتن لە پێکهاتەی بیر هەمان کاریگەری ماسولکەکانی هەیە لە پێکهاتەی لەش. زۆر دید هەن لێڵ و کاڵ و کرچن. خوێندەواری زۆرمان دیوە لە بواری کۆمەڵایەتی. سیاسی و راستیەکاندا ئەلف و بێ لێکناکەنەوە. ئەم پرس و جۆیە یەکێکە لە هێما سەرەکیەکانی دیاریکردنی سنووری ڕۆشنبیری، کاتێک باسی گۆڕینی دەکرێ بەگشتی ئەوکاتەی تاک لە خۆی جوێ دەبێتەوەو بەکۆمەڵەوە دەلکێ. لە پەناگەی خۆی واتە لەماڵ، شار، زمان و دین دێتەدەرێ، دنیا بەچاوێکی کراوەو بەرفراوان بەپان و پۆڕی دەبینێ، بەو چاوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکان، زمانەکانیان، دابونەریت، فەرهەنگ و ئاینە جیاجیاکاندا دەکات. وەلانانی ئەو سەردەمەی خەڵکی بیروباوەڕیان وابوو (ئەشراف) چینی دەوڵەمەند باشترین جۆری مرۆڤن و هەقیانە منەت بەسەر ئەم هەسارەیەدا بکەن. یا دۆخی ئێستا نەخرێتە قالبی قەزاو قەدەر بڵێین لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارێ. بەڵکو پێویستە سۆراخی هۆکارو بەڵگەکانی وەدیهاتنی بکەن. یا بەجێی خەون و خەیاڵ هەنگاوی بوێرانە بنێن بۆ چاککردنی بارودۆخەکە. ئەو گۆڕانکاریە لەگەڵ بەراوردکردنی هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی. دەستەبەرکردنی ئامرازو پێویستیەکانی خۆی گەرەکە.

خاڵێکی تر کە دەڵێین رۆشنبیر، دەزانین بیرکردنەوە بەشێکە لەو توانا عەقلانیەی لەهەر ئان و ساتێک دا دەتوانێ لە پێکهاتەکانی عەقڵ (خەیاڵ، بیر، هۆش، هەست... هتد) هەرچی پێویستیەتی هەڵبژێرێ. هەڵبژاردنی ئەم کەرەستانە تا خێراتر، وردتر و لەبارتر بێ بیرکردنەوە تیژترەو رۆشنبیری فەراهەمدەکات. بەم پێوانەیە، کوێرێک یا کەڕێک، جگە لەوەی دنیای هەستەکانیان لەگەڵ ساغداناتەواوە، تەرازووی بیرو هۆشیشیان لەنگە. بۆ نموونە کوێرێک رەنگەکان نابینێ ناتوانێ هەست بەکاڵ و تۆخی رەنگەکان بکات کەواتە دەرگای جیهانی هونەری نیگارکێشان بەروویدا داخراوە. ئەوانەی پەیوەندی زانستی و هۆکاری نێوان شتەکان نازانن لەم بوارەدا کوێرو نابینان. داخستنی دەرگایەکی بیروهۆش کاردەکاتە سەر دەرگاکانی تریش هەتا ئەگەر کراوەشبن.

جۆری کاردانەوەی هەر کەس لە بەرامبەر رووداوەکانی جیهان پەیوەندە بەبیری خاوو تێروپڕی ئەو کەسە. بۆ نموونە بومەلەرزە دێت یاخۆر دەگیرێت. خەڵکی نەزان یا نوێژ دەکەن یا دەست دەکەن بەتەپڵ و تەنەکە کوتان. چونکە خورافات دەرگایەکی خەڵکی نەزانە بۆ روانین بەدوای غەیب دا یا رانمایەکە بۆ دۆزینەوەی رێگای جیهانی غەیب، یا نووشتەیە بۆ خۆپاراستنی لە ئەگەری شەڕی ئەو جیهانە، کاردانەوەی خەڵکی نەزان لەسەر بنەمای ئەو بیروباوەڕانە دامەزراوە کە لە کۆنەوە لە قۆناغی کۆچەری بەجێماوە ئەوکاتەی کە ترس لە دیاردە سروشتیەکان پاڵنەرێکی بزاوتی ئادەمیزادبوو، بەڵام کاردانەوەی رۆشنبیر لەسەر زانست و تاقیکردنەوەو ناسینی جیهانە کە پابەندە بەپێشکەوتنی زانستی و کامڵ بوونی ئامرازەکانی ناسین و دۆزینەوەی دنیای نوێ یەکەمیان لەسەر کۆیلەتی ئایدۆلۆژی و بەرهێنانی چوارچێوەی خانەوادە بە دووەمیان لەسەر زانست و تاقیکردنەوەو رزگاربوونە لەو کۆیلەیەتییە.

نموونەیەکی تر، لە ڤێتنام شەڕە، خەڵکی نەزان و ڕەشوورووت یا ئاگایان لێ نییە یا ئەگەر ئاگاداریش بن لەبەر بەزەیی و خۆشەویستی مرۆڤ کە لە زاتی ئادەمیزاددایە بەئاواتەوەن ئەو شەڕە کۆتایی پێ بێت، یا وەک پاپای فاتیکان دەستییان بەحەواوەیە دوعای کۆتایی هاتنی دەکەن. بەڵام ڕۆشنبیر لە هۆیەکانی ئەو شەڕەو ڕەگ و ریشەی کۆلۆنیالیزمی کۆن و نوێ دەکۆڵێتەوە. سەرمایەداری شەرفرۆش دەبینێ چۆن دەستی لە قوڵی مافی مرۆڤ هێناوەتە دەرێ بەناوی بڵاوکردنەوەی شارستانیەت و نەهێشتنی وەحشیگەری بەدوای بازاڕدا دەگەڕێ تا کار بۆ کۆمپانیاکانی چەکسازی بدۆزێتەوەو کاڵاکانیان بۆ بفرۆشی (لە کۆنسێرڤەوە[٤] بگرە تا دەگاتە تانک و فڕۆکە) لە هەمانکاتدا کرێکارانیش بەناوی سەربازی ڕەوانەی گۆڕەپانی شەڕدەکات. هەم لەشەڕی ڕەشپێستەکان و هەم لە شەڕی ڤیتگۆنگەکان ڕزگاری دەبێ کە چەندان کێشەی ناوخۆو دەرەکیان بۆ ئەمریکا خوڵقاندووە، لە هەمان کاتدا پایەگایەکیش لە نزیک چین دادەمەزرێنێ و ئەو گەلانەش چاوترسێن دەکات کە لە دەست کۆلۆنیالیزم وەتەنگهاتوون، تا نەکا ڕۆژێک لە ڕۆژان بوێرن ڕاپەڕن. گۆڕانکاری ئایدیۆلۆژی و کامڵبوونی تاقیکردنەوەو ئامرازەکانی کار (وەک پیشەسازی و ماشێن) واتە گەشەکردنی بەربڵاوی تەکنۆلۆژی بەیارمەتی ئامرازەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن کۆمەڵانی خەڵکیان لە ترسی دیاردە سروشتییەکان ڕزگارکردو سەلماندیان کە ئەوانە لەسەر چارەنووسی ئادەمیزاد کاریگەر نین ئەگەر بە واتایەکی بەرفراوانتر بدوێین دەبێ بڵێین قۆناغی ڕۆشنبیری قۆناغێک بوو ئادەمیزاد لە هۆکارە سروشتیەکان دابڕاو تاک و تەنیا مایەوە. خۆی لەبەرامبەر چارەنووسی بێ پشتیوانی ئاسمانی دۆزیەوە. ناچار بوو بێ چاوەڕوانی دەرەکی خۆی و دنیای سەروو بەهیمەتی نوێ بکەوێتە کار. هەڵبژێری، ئازاد بێ و بەرپرس. کاتێک فاکتەرە سروشتییەکان (وەک بوومەلەرزە، ڕۆژگیران، مانگ گیران،

پژمین، بورج، ئەستێرەی بەخت.... هتد) لەسەر چارەنووسی ئادەمیزاد وەلاخران، یەکەم شت خودی چارەنوس پوچەڵ دەبێتەوە ئەوسا دەبێ بڵێین پلەی داهاتووە دواتر ئەو بەشانەی ئایین، خووخدە، یاساو سیاسەت کە لەسەر ئەم دیاردە سروشتیانە واتە لەسەر میتافیزیک (ماوراء الطبیعە) دامەزراون ماناو ناوەڕۆکی خۆیان لەدەست دەدەن. ئەوە نامێنێ سەد جار دوعایەک بخوێنیت تا سەر ئێشەکەمان چاک بێت، یا نوێژی ئایات بخوێنین...

کە میکرۆبی ئاوڵەو تاعون دۆزرایەوە ئەم دوو نەخۆشیە شوێنی لەدایک بوونیان لە ئاسمانەوە گوێزرایەوە بۆ سەرزەوی وەک نەخۆشیەکانی تر. لەوەش گرینگتر هەرکە هۆکارەکانی (میتافیزیک) لە چارەنووسی ئادەمیزاددا رەتکرایەوە یا کەوتە بەر لێشاوی شک و گومان ئەوا دامەزراوە سیاسی و پەروەردەیی و ئاینیەکان کە لە سایەی ئەودا (میتافیزیک) بەدەستەڵات گەیشتبوون دەپوکێنەوە.

**پەراوێزەکان**

١- رەوا دید: ویزا

٢- مەشروتیەت: سەردەمی حوکمی دکتۆر مصدیق و شۆڕشەکەی لە ئیران.

٣- صور اسرافیل: رۆژنامەیەکی سەردەمی حوکمی دکتۆر مصدیق بوو.

٤- کۆنسیرف :conserves معلب